# چه ند ساتێک له گه ل شاعیر سه رکه وت ڕه سول.....

ئامادەکردنی:
یو سف مه نتك




شاعیر له نێو خه مه کان، له نێو ئا پۆره ی تێك هه لچڕ ژا نی شه ڕی برا کوژی و شکا ندنی که سا یه تی کورد و پێ شێلکار یه کانی ما فی مر ۆڤ و خنکاندنی ده نگی ئا زادی خه للك ، ڕێ نه دان به جه ما وه ر بۆ ڕژانه سه ر شه قا م بۆ هه لبڕینی ده نگی نا ڕه زا یی ،له دژی شه ڕی برا کو ژی، له به رامبه ر بێ کا ری ونا ئه منی و ئالۆ زکردنی باری سیا سی کوردستان به کوردی تێك چونی شیرا زه ی ژیان ڕوی له هه نده ران کرد به لام له وێش ئوقره ی نه گرت ودوا جار گه ڕا یه وه بۆ کوردستانی برینداروپڕ له ده ردو کول، بۆ لای دا یکی خۆشه ویست ،من شا عیر له نزیکه وه با ش ده نا سم که سێکی خا وه ن هه لوێست و دل و ده رون پا ك به با شم زا نی له نزیکه وه چه ند پر سیا رێکی لێ بکه م ، به م شێوه یه ی خوا ره وه جوا مێرانه ئه وه ی له دلی دا بو هه لی ڕشت.

پ1/ سه رکه وت ڕه سول چۆن پێنا سه ی خۆ ی ده کات ؟

و/کوڕه کوردێکی ڕۆچووی نێو خه مه گه وره کان له ته مه نێکی بچوك،زاده ی هه لچوون و داچوونی کا ره سات ورووداوه سیاسی وکۆ مه لا یه تیه کان بووه. جینگز و سه ر شیت، عا شق به په یڤی شیعرو سه رقال به تو نێله کانی دۆزینه وه ی مانا ی نوێ بۆبوونی خۆ ی،ئه وه م که هه مه – هه ستیارترله خه لکێك که پێوانه ی مادده ی بۆ هه ست داناوه....

پ2/ سا ته کانی شیعر نوسین سه ره تا وکۆ تا یی لا ی تۆ ؟

و/ نه سه ره تا به ده ست خۆ مه و نه کۆ تا یی ،به بڕوای من گه مه ی شیعر به وه له گه مه کانی تر جو ێ ده کرێته وه که گه مه یه که له ده ره وه ی ئیراده ی نوسه ره،نوسه ردە که وێته ژێر ده سه لاتی زمان وفه رهه نگ ئه وان یا ری خۆی پێ ده که ن وله کۆ تایی هه ر به رهه مێکیش فرِ ێ ی ده ده نه ده ره وه من له ده ره وه ی گه مه کانی ده ست نیشان کردنم به تا یبه تی له شیعر نا توانم هیچ حو کمێك به مو تله قی بده م .

پ3/ گونجانت له گه ل گۆ رانی بێژان کا تێك شیعریان ده ده یتێ و به ر هه مه که ده بینی ؟

و/ گۆ رانی بێژان... ئه و تووێژه ن که من ده مه وێ له ڕێگه ی ئه وا نه وه په یا می خۆم به خه لك بگه یه نم- زۆر جار له ئا ستی گه یاندنی په یا مه که ی مندا نین له به ر ئه وه ی هه زمی ئه وه ناکه ن چی ڕه ت ده که نو چی ده گوا زنه وه، زۆر جا ر زه ردە خه نه یه ك دا م ده گر ێ و ده ست به ردا ری ئه و کا ره قو رسه بوومه، که چیتر په یا مه کانی خۆم به هه ند یك که س خه سار بکه م له ئا ستی هو نه ری شیعره که م دا نه بێت.

گۆ را نی به بێ خوا ستی خه لك ده چێته ناو ماله کا ن وته ق ته ق له ده ر گا ی میزا جیان ده دات، بۆ یه ویستومه به که مترین که ره سته و تیژڕه و ترین کا ت بچمه نا و دونیا ی خه یا ل و مه را میان، گۆ رانی بێژان ڕێزم بۆیان هه یه له ئا ست ڕۆشنبیری شا عیره کان ده بێ قرِو قه پی لێ بکه ن.

پ 4/ له غور به ت بو یت و گه ڕا یته وه بۆ وولات ڕه نگ دا نه وه ی لا ی تۆ؟
و/ غور به ت.. نا سنا مه یه! زۆر جار شتت لێ ده سڕێته وه وشتت ده دا تێ من زۆر شتم بر ده و ه و زۆر شتیشم دۆ ڕاند.. ها تۆومه وه بۆ ئه وه ی ئه وا نه ی له ده ستم نه چوو نه ده ستیان پێوه بگرم.. غور به ت هێمنی کر دمه وه که مێك له گه مه ی پێشکه وتن وبه ره و پێشچونی خه لکا نێك گه یشتم که ئێمه هه ر ده بێ به دوا یان که وین، به کات سه ده یه ك له دوا وه ین.
به کور تی ئه و سه فه ره ی ئه وروپام دونیا بینی په رت و فراوانتر کردم، ئێستا له نێوان کورد بوون به ئینسان بوون جیا وا زیه کی زۆر ده بینم.
پ 5/ سه ر ده می شیعری ئێستا له گه ل پێشتر چۆن ده بینی؟
و/شیعری ئێستا جوینه وه ی زۆر شتی بیستراووبینراوی پێشتره به لام به فۆر می نوێ، سه ر لێ شێوا ویه ك ده بینم له نێو گۆ ڕه پا نی شیعر ی کوردی دوو تفا قیه ك ده بینم له ئا سۆ ی تێڕوا نینی شا عیره کان،هیچ کا میان خۆ یان خۆ یان نین، دوو ئه گه ر هه یه.. یان ئه وه تا بگه ڕێنه وه بۆ نه هجی ڕوانگه ییه کان که به برِوای من پرِۆ ژه ی ئه وان ته واو نه بووه، یا نیش ئه وه تا به ره و ئه و بێ ناوه رۆ کیه ی ئێستا ی وا قیعی نو سینی شیعری لێ ده بینین.
شیعری کوردی ده نگی جوان و ڕه سه ن و نوێخوازی تێدا یه هیچیان له شیعری دونیا که متر نیه..به لام چی ده که ی که به زما نێك شیعر ده نوسی که حسێبی زمانی مردووی بۆ ده کرێ.....!!!
پ 6/ ڕه نگدا نه وه ی وا قیعی ئێستا ی کور دستان تا چه ند له شیعر دا ده بینی؟
و/ وا قیعی سیا سی و کۆ مه لا یه تی کو ردستان ڕه نگدا نه وه ی له سه ر نو سین ونه فسیه تی نوسه ریش هه یه ،هه ر چۆن کۆ مه لگه یه کی دا خرا وت هه یه، ئه ده ب و دا هێنا نێکی دا خرا ویشت به ر هه مه، هه ر چۆ ن عه قلیه تی دا هێنه ره کان دا خرا وه ئا سۆ ی تێڕوا نینیا نیش له با زنه یه ك خول ده خوا ته وه، که ده ر ئه نجام هه مووی یه کسا نه به چه قبه ستن له ناو مه جده کانی ڕا بردووی هه ر یه کێك له تا که به ئا گان.
پ 7/ده نگی شیعرتا چه ند له گه ل ته پ و تۆ زی ئێستا ی هه و لێر به رز ده بێته وه؟
و/ هه و لێر وه کو قه ده ر که و تۆ ته سه ر هێلێکی جو گرا فی سه قه ت ، خه لکی سه قه تیشی به رهه م هێنا وه ،مۆ زا ئیکێکی سه یره، تێکهه لکێشێکی سه مه ره یه،که لێ ده ڕوانی وا هه ست ده که ی ئه وه قه ده ری ڕێگا کا ن ونه فسیه تی کۆ مه له خه لك وکلتو ری عه شیره ت ودا ب و نه ریتی گه ڕه کچیێتی در وستی کر دوه، نه بوونی ڕو با رێك بۆ ته هۆ ی سێوا نی دا به شبوونی خه لك و دروست بوونی نا حا لیبوونێك له نا سنا مه ی هاو شا رێتی هه و لێر، خه لکی هه و لێر غه ریب حوکمی ده کات و پێ ڕا زیشه ..دره نگ برِوا به گۆ ڕان دێنێ، به کورتی زۆر بێزا رم له عه قلیه تی خه لك و ئیدا ره کردنه که ی...!!
پ 8/ شیعرو هه لو ێست له کو ێ به یه ك ده گه ن ؟
و/ شیعرو هه لو ێست ته نیا له شا خ ما نا ی پیرۆ ز بوو، ئێستا مه وقیف له مه و قیفی پا سه کا نی 60 مه تر ی و100 مه تر ی ده چێت، هه لو ێست با لا ی کورت تره له ها وا ره کان، مرۆ ڤی ئا زاد نه ماوه تا با لا ی له قو ما شی هه لو ێست بێت!
پ 9/تێر وا نینت بۆ ئه م وه زعه ئا لۆ زو وه ستا وه سیا سیه ی ئێستا ؟
و/له ژێر کا ریگه ری ته وژ می گۆ ڕا نکا ریه کا نی دونیا دا یه، که مپی شیو عیه ت گۆ ڕا وه بۆ که مپێکی تری سه له فیه کان ، ته پ و تۆزی ئه م گۆ ڕانکا ریا نه ئێمه شی گر تۆ ته وه به ها کان مانا یان گۆ ڕا وه وژیان نا سنا مه ی نو ێ ی پێو یسته بۆ به مانا کر دنه وه ی گو زه ران تیا یدا، به کور تی ئه و هه ویره زۆر ئا و ده کێشێ، ته نیا ئه وه نده ده لێم به شه ریه ت به ره و

ده به نگی ده چێتو هه مان پر سیا ری ما مۆ ستا مه سعود مه حه مه د ده که مه وه ( کۆ مه لگا ی به شه ری بۆ چی له خه سته خا نه یه کی شێتان ده چێت؟!)

پ10/سنور به زا ندن یا ده ر باز بوون له و قه یدو شه رته ی به سه ر شیعر دا سه پێنرا بو یا جیها نێکی ئا زاد کا میان ؟

و/ سه رده م ئیقا ع بۆ خۆ ی هه لده بژێرێت به لام نا بێ ده سبه ردا ری نه غمی شیعر ی بیت چونکه له کۆ تا یی شیعر هه ر مۆ سیقا یه و ئیقا عێکی سه رده مه که ی خۆ یه تی!

پ11/ له با ره ی زیندوێتی شیعر چی ده لێیت ؟

و/ زیند وێتی شیعر له وه داخۆ ی ده بینێته وه که ئیقا عی سه ر ده مه که ی نا سیبێ وجوا نکا ر ی و زما ن و که شف کرد نی نهێنیه کا نی تیا دا به ر جه سته بو بێت جگه له وه ش له خه مه گه وره کا ن بد وێت، به وو شه ی به قه با ره بچوو ك چڕ کر دنه وه ی هه سته کان له بۆ ته ی هو نه ری نو سین دا.

پ12/ ئا یا خو ێنه رمان هه یه ؟

و/به لێ خو ێنه ری ته مبه لمان هه یه هه ر که دوو کتێب ده خو ێنێته وه هه موو دو نیا ی پێ شی ده کا ته وه، به هه زا ران نو سه ر هه ن با س له فه لسه فه ده که ن، خه لکی پێ هه ره ته ی نا و تو نێلی بێ ما نا یی ده که ن له و ێش سه ر لێ شێوا ویه ده بینم، چونکه خو ێندنه وه به ر نا مه ی خۆ ی هه یه خو ێندنه وه ی کا برا یه کی پسپۆ ر جیا وا ز تره له کا برا یه کی بر سی بۆ خو ێندنه وه ده خو ێنێته وه، نه خو ێنه ر مان له ئا ست هه ند ێك ته رزه نو سێنه و نه نو سینمان له ئا ست هه ند ێك خو ێنه ره!